## خوازیاری ئازادکردنی دەست بەجێ ی شۆفێرە دەستگیرکراوەکانی خۆپیشاندانەکەی 17/ 7 / 2005؛

دوابەدوای خۆپیشاندانی شوفێرەکانی سلیمانی لە بەرواری 17ی تەموزدا، کە دژ بەبریاری ئیدارەی سلیمانی بوو سەبارەت بە قەدەغەکردنی کارکردنی ئۆتۆمبیلی (( علوج ))و ژمارەی شارەکانی تر لە سلیمانی. کە ئەوە بوو 17ی تەموز سەدان خاوەن تەکسی و خاوەن ئۆتۆمبیلی شەخسی دەستیان دایە خۆپیشاندانیك لەبەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلیمانی دا . بەلام دوابەدوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر شۆفیرەکان بیّ وەلام دەهیلنەوە، پاشان ئاسایشی سلیمانی دەست دەکات بە تەقەکردن بەسەر شۆفێرەکانداو هەروەها پاش ئەزیەت و ئازاردانی ژمارەیەکیان، هاوکات 12 کەسیان لیّ دەستگیر دەکەن کە تا کاتی بلاوکردنەوەی ئەم ڕاگەیاندنەش کە دە ڕۆژ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕ دەبیت، نۆ شۆفێر لە زیندانا هیلراەوتەوە.
دەستگیرکردنی ئەو شوفیرانە لە کاتیکدا بوو کە کیشەی ئەزمەی بەنزین و سووتەمەنی نەك تەنها شوفیرەکان بەلکو هەموو هاولاتیانیشی وەڕس و نیگەران کردبوو، وە ڕۆژانە خەلکی بە شێوازی جۆراوجۆر نارەزایەتی خۆیان دژ بەم وەزعە دەردەبری . بەلام دەبینین سەرباری ئەو گرفتانە شێوازی ئاسایش و ئیدارەی سلیمانی بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانی هاولاتیان و ولامدانەوەو بەداخوازیەکانیان ، بە زەبری چەك و تەقەکردن بەسەر خۆپیشاندەراندا وەلام دەدەنەوەو، سەرباری ئەوەش بە(( تاوانی )) نارەزایەتی دەربرین وا بەشێوەیە نۆ شۆفیر لە زیندانەکاندا دەهیلنەوە.لە کاتیکدا کە هەموو تاوانەکانی ئەم ئینسانانە ئەوەبووە کە بەشیوەیەکی هیمنانە خۆپیشاندانیان کردوەو خوازیاری جی بەجیکردنی داخوازیەکانیان بوون. بۆیە وەك چۆن حکومەت و ئیدارەی سلیمانی لە چارەسەرکردنی کێشەی شۆفیرەکاندا کەمیانهێناو ناتەوان بوون،ئەوا تەقەکردن و زیندانی کردنی خۆپیشاندەران کردەوەیەکی لەڕادەبەدەر ناشارستانی و نا مەسولانە بوو کە هیچ بەهانەیەك ناتوانیت بۆ ئەو کارە پاسایك بهینیتەوە .
بۆیە ئیمە وەك کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان سەباری بە توندی مەحکوم کردنی زیندانی کردنی شۆفیرەکان و هێشتنەوەی ئەو نۆ کەسە لە زیندان بە خەتایەکی گەورە دەزانین و پیمان وایە کە ئاسایش و ئیدارەی سلیمانی دەیانەوێت لە ڕێگەی چاوترسانی خەلك و تەقەکردن و دەستگیری کردن و بەکارهینانی زەبروزەنگەوە ڕێ بە خۆپیشاندان و هاتنەمەیدانی خەلکی کوردستان بگریت بۆ داکۆکی کردن لە ماف و ئازادیەکانی خۆیان. کە ئەمەش دورە لە هەر کردەوەیەکی شارستانی و دەستەلاتی حکومەتیك کە ئیدعای مەدەنیەت بکات .
بۆیە داوا لە هەموو حزب و لایەن و ریکخراوە پیشەی و ئینسان دۆستەکان دەکەین کە نارەزایەتی خۆیان دەربرن دژ بەم کردەوانەو خوازیاری ئازادکردنی بیّ قەیدو شەرتی هەموو شۆفیرە زیندانی کراوەکانبن .

کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان

2005 / 7 / 26

# خوازیاری ئازادکردنی شۆفیرەکان و ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتنین !

ڕۆژی 17ی تەموز سەدان شۆفێری سلیمانی لەبەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا خۆپیشاندانیکیان بەرپاکرد بە مەبەستی نارەزایەتی دەربرین دژ بەو بریارەی ئیدارەی سلیمانی لە پەیوەند بە قەدەغەکردنی کارکردنی ئۆتۆمبیلی (( عەلوج )) و ژمارەی شارەکانی تر لەسلیمانی. پاشان ئەوە بوو کە لەلایەن ئاسایشی سلیمانی یەوە تەقەکرا بەسەر شۆفیرەکانداو هاوکات 12 کەسیان لی دەسگیرکردن، کە تا ئیستەش 9 کەسیان لە زیندانا ماوەتەوە .

بۆیە ئیمە ئیمزاکەرانی خوارەوە سەربارى نارەزای دەربڕینی خۆمان بۆ تەقەکردن بەسەر شۆفێرەکان و دەستگیرکردنی ئەو ژمارەیەدا، هەروەها خوازیاری ئازادکردنی دەست بەجی هەموو شۆفیرەکانین و پیٚ لەسەر ئازادی خۆپیشاندان ومانگرتن و ئازادی بەیان دەردەبرین و بەسەرەتایترین ماف وئازادیەکانی خەلکی کوردستانی دەزانین کەدەبیٚ ڕێزیان لیٚبگیرێت وەهیچ بەهانەیەك نەکرێتە ریگر لەبەرامبەر بە نارەزایەتی دەربرینیان .

| ناوی ڕێکخراو | شوێن | بەروار | ئیمزا |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

## نامەیەکی سەر ئاوەڵا بۆ بەڕێز عمر فەتاح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سلیمانی

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاك عمر فەتاح، هەروەك خۆتان ئاگادارن لە ڕۆژی 17ی تەموزدا سەدان شۆفێر خۆپیشاندنێکی هێمنانەیان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپاکرد، دژ بەو بڕیارەی ئیدارەی سلیمانی کە سەبارەت بە قەدەغەکردنی کارکردنی ئۆتۆمبیلی (( علوج )) و ژمارەی شارەکانی تر لە سلیمانی بوو. بەلام بە داخەوە پاش ڕاگرتنێکی زۆری خۆپیشاندەران و وەلام نەدانەوە بە دواکاری یەکانیان، ئەوە بوو ئاسایشی سلیمانی تەقەیان بەسەر خۆپیشاندەراندا کردو سەرباری بەکارهێنانی توندوتیژی وئازارو ئەزیەتی خەڵکی دواتر 12 کەس لە شۆفێرەکان دەگرن، کە تا ئێستەش لە زیندانا هێلراونەتەوە.

بەڕێز کاك عمر فەتاح تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و بەکارهینانی زمانی میلیشا و دەسگیرکردنیان لەلایەن ئاسایشەوە لە کاتێکدایە کە بە ئیقراری زۆرێك لە کار بەدەستانی حزبی و حکومی، فەسادو گەندەڵی سەرا پای هەموو دامودەزگا حکومەی یەکانی تەنیوەتەوەو سەرباری ئەمانەش ئەزمەی نەبوونی بەنزین و سووتەمەنی و نەبوونی ئاو کارەباو کێشەی نیشتەجی بوون و گرانی و دەیان گیروگرفتی تری سیاسی و کۆمەلایەتی تەنگی بە ژیانی خەڵکی کوردستان هێناوەو وەزعەکەی بەرو ئایندەیەکی مەترسی دار ئاراستە کردوە . ستەم و نا عەدەلەتی یەك کە ئەمڕۆ کوردستانی تەنیوەتەوە بارودۆخەکەی چەند بەرابەر خرا پترکردوە، هەروەها دەست دریژکردن بۆ سەر ژیان وگوزەرانی خەلکی کوردستان و پیشیلکردنی ماف وئازادیەکانیان و تەنانەت کارگەیاندن بە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران وبەکارهینانی توندوتیژی و زیندان کردنیان، وەك ریگەیەك نیە بۆ چارەسەرکردنی کیشەکان هەروەها ناتوانیت ریگەیەکیش بیت بۆ چاوترسان و پاشەکشە پیکردنیان و دەست بەرداربوون لە ماف و ئازادیەکانیان. بۆیە بەدلنیای دریژەدان بەم رەوشتانەو ریگرتن لە خۆپیشاندان و مانگرتن و هەر شیوازیکی تری خەبات کارانەی شارستانی خەلکی کوردستان بەدەر لەوەی کە ناتوانیت هەنگاویك بیت بەروپیش، هەروەها بەرئە نجامی زیانبارو خرا پتری لیّ دەبیتەوە .دەبیت ئەوەش بلیّن کە ئەم ڕەوشتانە هەرجۆرە ئیدعایەك لە پەیوند بەبوونی ئازادی ودیموکراسی بە تەوای مانا دەهێنێتە ژیر پرسیارەوەو لە لایەکی تریشەوە تورەی و نارەزایەتی خەلکی کوردستان زیاترو زیاتر دەکات. بۆیە بەو ئەندازەی کە ئێوە خۆتان بە بەرپرس دەزانن لەبەرامبەر بەو بارودۆخە، وە بەهەر ڕادەیەك کە خوازیاری چارەسەرکردنی ئەم کێشانەن ئەوا بەر لە هەرشتیك بەرقەراکردنی ئازادی بیّ قەیدو شەرتی سیاسی و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان و دەستەبەر کردنی ئازادی مانگرتن و ئازادی خۆپیشاندان و ئازادی بیرورا دەربرین و ئازادی هەلسورانی سیاسی و ریکخراوبوون دەبیت بە پیش مەرجی هەر نیەتیکی باش بیت .

لیرەدا لەم بارەوە بە پیویستی دەزانین کە داواتان لی بکەین کە دەست بەجی بریاری ئازاد کردنی هەموو شۆفیرە زیندانی کراوەکان بدەن و هاوکات هەنگاوی بە کردوەش بنیریت بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانیان و ریپیدان بە کارکردنیان. بۆ هەموو لایەك رۆشنە کە(( تاوانی ))ئەم کەسانە هیچ شتێك نیە بەدەر لە داکۆکی کردن لە مافی ژیان وە بە شیوەیەکی هیمنانە دەستیان داوەتە خۆپیشاندان بۆ مسۆگەرکردنی بژیوی ژیانی خۆیان و مندالەکانیان، بەلام بە چەك و زیندانی کردنی وەلامیان دەدریتەوە . بیهینە بەرچاوی خۆتان کە دەبیت تاوانی ئەو مندالانە چی بیت کە باوکیان بۆ دەستەبەر کردنی بژیوی ژیانیان ناچار بە نارەزایەتی دەربرین بووە دژ بەو بریارەی کە بەکردوە دەبیتە مایەی بڕینی نان وشیری مندالەکانیان.

لەگەل ریزماندا / ریبوار عارف

لەلایەن کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان

2005 / 7 / 26

## خوازیاری ئازادکردنی شۆفیرەکان و ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتنین !

ڕۆژی 17ی تەموز سەدان شۆفێری سلیمانی لەبەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا خۆپیشاندانیکیان بەرپاکرد بە مەبەستی نارەزایەتی دەربرین دژ بەو بریارەی ئیدارەی سلیمانی لە پەیوەند بە قەدەغەکردنی کارکردنی ئۆتۆمبیلی (( عەلوج )) و ژمارەی شارەکانی تر لەسلیمانی. پاشان ئەوە بوو کە لەلایەن ئاسایشی سلیمانی یەوە تەقەکرا بەسەر شۆفیرەکانداو هاوکات 12 کەسیان لی دەسگیرکردن، کە تا ئیستەش 9 کەسیان لە زیندانا ماوەتەوە .

بۆیە ئیمە ئیمزاکەرانی خوارەوە سەرباری نارەزای دەربڕینی خۆمان بۆ تەقەکردن بەسەر شۆفێرەکان و دەستگیرکردنی ئەو ژمارەیەدا، هەروەها خوازیاری ئازادکردنی دەست بەجی هەموو شۆفیرەکانین و پیٚ لەسەر ئازادی خۆپیشاندان ومانگرتن و ئازادی بەیان دەردەبرین و بەسەرەتایترین ماف وئازادیەکانی خەلکی کوردستانی دەزانین کەدەبیٚ ڕیٚزیان لیٚبگیریٚت وەهیچ بەهانەیەك نەکریٚتە ریگر لەبەرامبەر بە نارەزایەتی دەربرینیان .

| ناوی سیانی | پیشە | بەروار | ئیمزا |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |